ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە

ناز ئەرکان عبدالله[1]

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی, nazarkan239@gmail.com

نووسەری پەیوەندیکار: ناز ئەرکان عبدالله *

پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستن و زانینی ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە ، بۆ ساڵی خوێندنی (2025)، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچە لە پارێزگای سلێمانی، کە ژمارەیان (1319) مامۆستایە، نموونەی توێژینەوەکە پێک دێت لە (149) مامۆستا لەوانە (37) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر، (112) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران، توێژەر میتودی وەسفی بەکارهێنا بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، وێرای سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و سەرچاوەکانی دیکە، توێژەر فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکرد بۆ پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان، کە لە(33) بڕگە پێکهاتبوو، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و شیاوی ئامرازەکە، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی بەسەر ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە و پەروەردە و دەروونزانی، دواتر جێبەجێکرا بەسەر نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە و توێژەر دەستیکرد بە بەتاڵکردنەوە و شیکردنەوەی وەڵامەکانی مامۆستایان بە بەکارهێنانی بەرنامەی SPSS بۆ زانستەکۆمەڵایەتییەکان و خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکە لەگەڵ چەند دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەیەک

بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

١-١ :کێشەی توێژینەوەکە:

چیرۆک، وەک سیستەمێکی زیندووی زمانی کار دەکات، کە منداڵان لە ڕێگەیەوە فێری قوڵترین چەمکە زمانییەکان دەبن. لەم ڕۆژەیەدا، منداڵان نەک هەر وشە و زاراوەی نوێ فێر دەبن، بەڵکو فێری بەکارهێنانی زمانی جۆراوجۆر دەبن. بۆ نموونە، کاتێک گوێ لە چیرۆکێک دەگرن، فێر دەبن چۆن وشەکان لە ناو ڕستەدا بەکاربهێنن، چۆن واتای یەک وشە دەگۆڕێت بەپێی ئەو بارودۆخی تێیدا بەکاردەهێنرێت.

زۆرێک لەمنداڵانی پێش قۆناغی چوونە قوتابخانە و هەندێک لە منداڵان لە قۆناغی قوتابخانەدا بە شێوازی جیاواز بەدەست کێشەی زمانەوە دەنااڵێنن، ڕەنگە هەندێک منداڵ زمانێکی زۆر سنووردایان هەبێت لە گونجاندن و دەربڕیندا، هەندێکی تریش لە وەڵامدانەوەدا تووشی ناڕێکی زمانەوانی دەبن بە تایبەتی توشی زەحمەتی دەبنەوە لە تێگەیشتن لە هەندێک ڕستەو پلە بەندی ئاڵۆزدا (عمایر ، موسی، یاسیر 2014 : 21). زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە ، مرۆڤی ئاسای کە گرفتی نەبێت پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بەردەوام دەبن، بەڵام گرفتی زمانەوانی لای تاک پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان سنوردار دەکات، یان لەناویان دەبات ، بۆیە ئەو مرۆڤانەی لە ڕووی زمانەوانییەوە گرفتیان هەیە پەیوەندییەکانیان سنورداراە یان هەر نیانە ، وەک (منداڵانی ئۆتیزم ، دواکەوتوی ژیری ، داون) (علی ، 2021 : 200). تێکچوونی زمان و قسەکردن کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی گەشەکردن لە منداڵاندا هەیە، وەک لایەنی کۆمەڵایەتی ، ڕەفتاری ، دەروونی و ئەکادیمی ، دواتر توێژینەوەکان، کە لەسەر منداڵانی خاوەن کێشەی زمان ئەنجامدراون دەریدەخەن، کە تێکچوونی زمان و پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزداریدا یەکدەگرێتەوە ، کەمبوونەوەی توانای زمان یەکێکە لە باڵاوترین تێکچوونەکانی زمان لە منداڵاندا و ئەم تێکچوونانە بە زۆری کاریگەری نەرێنی لەسەریان دەبێت (سلیمان و اخرون ، عبداللة ،2016 : 452) .

چیرۆکی منداڵان لە کۆدەقە تیۆرییەکانی فێربوون و گەشەی زماندا وەک ژینگەیەکی ئەگەریی دەوڵەمەند بۆ بەدەستهێنانی زمانی سروشتی سەیر دەکرێت. چەمکە دەروونی-زمانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵ لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ پێکهاتەی گێڕانەوەدا، بە شێوەیەکی ناخۆپەرست بەر بنەما ڕێزمانییەکان، گۆڕانکارییەکانی کات و شێوازەکانی دەربڕینی هەست دەکەوێت بێ ئەوەی ڕووبەڕووی فشاری پەروەردەیی ڕاستەوخۆ ببێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا گشتاندنی ئەم کاریگەرییە بەبێ ڕەچاوکردنی ساختار و جۆری گێڕانەوەکە ناڕوونی لە ئەدەبیاتی زانستیدا دروست دەکات، چونکە ڕەوانبێژی و فەرهەنگی وشەیی لە جۆرەکانی چیرۆکدا جیاوازیی جەوهەرییان هەیە. بۆ نموونە چیرۆکە خەیاڵییەکان زیاتر پشتیوان لە گەشەی وێنەی هونەری هۆکارە ڕەوانبێژییەکان و وشەی دەرەکی/دەگمەن دەکەن، لەکاتێکدا چیرۆکە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان زمانێکی نزیک لە واقیعی ڕۆژانە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە پێویستیی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە شێوازێکی مەیدانی و شیکاریی بپشکنێت تا چ ڕادەیەک ئەم جۆرە جیاوازانەی گێڕانەوە کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەوڵەمەندیی زمانی و فراوانبوونی بازنەی فەرهەنگیی منداڵ دانانێن و جیاوازیی ئاستی ئەم کاریگەرییە لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی چیرۆکدا چۆن دیاری دەکرێت.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە: ئایا چیرۆکی منداڵان ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە؟

١-٢:گرنگی توێژینەوەکە:
ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە دەرئەنجامەکانی دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ باشترکردنی شێوازی وانەوتنەوە لە باخچەی منداڵان و دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ بەکارهێنانی چیرۆک لە پرۆسەی فێرکردندا (کەریم، ٢٠٢١: ٧٧)، هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی ستراتیژی نوێ بۆ پەرەپێدانی توانا زمانەوانییەکانی منداڵان (عەزیز، 2023: 35).
گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە لەم نۆ خاڵە سەرەکییەدا دەردەکەوێت:
١. ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە لە پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و پەروەردەی منداڵاندا هەیە لە کتێبخانەی کوردیدا. بە تایبەت لە بواری پەیوەندی نێوان چیرۆک و گەشەی زمانەوانی، کە تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بە تەواوی نەخراوەتە ژێر لێکۆڵینەوەوە.
٢. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بنەمایەکی تیۆری پتەو دابمەزرێنێت بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی چیرۆک لەسەر گەشەی زمانەوانی منداڵان. ئەم بنەمایە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی فێربوونی زمان و پەرەپێدانی شێوازەکانی فێرکردن لە باخچەی منداڵاندا.
٣. گرنگە بۆ بەڕێوەبەرانی باخچەکان و دەتوانن بەپێی ئەم توێژینەوەیە بەرنامەی باخچەکان دابڕێژنەوە. ئەوان دەتوانن کاتی زیاتر بۆ چیرۆک تەرخان بکەن، جۆرە چیرۆکی جیاواز بۆ منداڵان دابین بکەن، هەروەها مامۆستایان ڕابهێنن، کە چۆن چیرۆک بۆ منداڵان بگێڕنەوە.
٤. یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە هەوڵ دەدات پردێک دروست بکات لە نێوان تیۆرە زانستییەکان و واقیعی پراکتیکی لە باخچەی منداڵاندا، بە شێوەیەک، کە تیۆرەکان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و سوودی پراکتیکیان لێ وەربگیرێت.
٥. ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر بەهێزکردن و پتەوکردنی ئەو بنەما تیۆرییانە دەکات، کە پەیوەندییان بە پەروەردەی منداڵان و گەشەی زمانەوانییەوە هەیە، بە تایبەت لە ڕێگەی پشتبەستن بە چیرۆک، وەک ئامرازێکی کاریگەر لە پرۆسەی فێرکردندا.
٦- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرمایەک و بناغەیەک بۆ توێژینەوەی زیاتر لە داهاتوودا، بە شێوەیەک کە توێژەران دەتوانن پشت بە ئەنجامەکانی ببەستن و لە سەری بەردەوام بن بۆ پەرەپێدانی زیاتری بواری پەروەردە و فێرکردنی زمان لە باخچەی ساوایاندا.
٧-گرنگە بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان و دەتوانن لەڕێگەی چیرۆکەوە زمانی منداڵان بەرەو پێش بەرن. چیرۆک یارمەتیان دەدات تا بزانن چۆن منداڵان فێری زمان دەبن، چۆن وشەی نوێ فێر دەبن، چۆن ڕستە دروست دەکەن. هەروەها دەتوانن لە ڕێگەی چیرۆکەوە ئاستی زمانی منداڵان هەڵبسەنگێنن و بزانن کام منداڵ پێویستی بە یارمەتی زیاتر هەیە.
٨_ گرنگە بۆ دایک و باوکان و دەتوانن بە گرنگیدان بە چیرۆک یارمەتی گەشەی زمانی منداڵەکانیان بدەن. ئەوان دەبن بە نموونەیەکی گرنگ بۆ منداڵەکانیان لە خوێندنەوەی چیرۆک، گێڕانەوەی چیرۆک، قسەکردن لەسەر چیرۆک. ئەمەش وادەکات منداڵەکان زیاتر گرنگی بە زمان بدەن و حەزی فێربوونیان زیاتر بکەن.

١-٣:ئامانجی توێژینەوە:-
ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە لە سلێمانیدا بەشێوەیەکی گشتی.
ئامانجی دووەم: زانینی ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر -مێ)
ئامانجی سێیەم: زانینی ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی پەروەردە(ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا)
ئامانجی چوارەم: زانینی ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە(حکومی –ناحکومی)

١-٤:سنوری توێژینەوە:-
١-سنوری مرۆیی : مامۆستایانی باخچە لەناو شاری سلێمانی لەپەروەردەی ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا.
٢-سنوری کاتی : ساڵی خوێندنی 2025
٣-سنوری شوێن: ناو شاری سلێمانی .
٤-سنوری بابەتی: ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە.

١-٥:پێناسەی چەمکەکان:-
چیرۆکی منداڵان :پێناسەی(الغامدي:2011) چیرۆکی منداڵان : بەیەکێک لەڕەگەزەکانی ئەدەبی منداڵ دادەنرێت، کە منداڵان تاموچێژێکی تایبەتی خۆی لێدەبینێت لەکاتی خوێندنەوە و گوێگرتندا ، هەر لە ڕێگەیەشەوە منداڵان دەیانەوێت پەیامی خۆیان بگەیەنن بە ژینگەی دەوربەریان و بیکەنە کلیلێک بۆ کردنەوەی هەستەکانیان بەرامبەر بە خەڵک (الغامدي، 2011 : 30).
پێناسەی تیۆری: چیرۆکی منداڵان : هونەرێکی ئەدەبی، کە لەڕێگەی ئامرازی زمانەوە دروستکراوە ، ڕووداوێک یان کۆمەڵە ڕووداوێک لە خۆدەگرێت، کە سەرەتا و ناوەند و کۆتای هەیە ،بەپێی بنەماو ڕێسا ئەدەبییە دیاریکراوەکان بنیادنراوە ، کەمندال لەڕێگەیەوە فێری هونەر ژیان دەبێت .

گەشەی زمان : پێناسەی(النوايسه والقطناوي، اديب، إيمان ،2015): بریتیە لەقۆناغی درووست بوونی وشەی هەمەچەشنە و ڕستە و مانا بەخشین بەدەنگ و بڕگە جیاوازەکان لەناو منداڵانی پێش قۆناغی خوێندنگە (النوايسه والقطناوي، اديب، إيمان ،2015 : 145).
پێناسەی تیۆری : گەشەی زمان : بریتیە لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی ژمارەیەکی زۆر لە وشە و بەستنەوەیان بەیەکتر و تێگەیشتن لێیان بەهاوشانی گفتوگۆ و پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی دروست و ڕەوان .

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12598]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

.منداڵی باخچە : پێناسەی (صالح :2019): ئەو منداڵانە دەگرێتەوە، کە تەمەنیان دەکەوێتە کۆتای ساڵی سێیەم تا کۆتای ساڵی پێنجەم یان سەرەتای ساڵی شەشەم ،واتە منداڵی(٤-٥)ساڵانە دەگرێتەوە ، هەندێک لە زانایان ئەم قۆناغە بە قۆناغی منداڵی سەرەتای ناو دەبەن (صالح،2019 : 353).

بەشی دووەم:چوارچێوەی تیۆری

٢-١-٢: چیرۆکی منداڵان :

چیرۆک بۆ منداڵان هونەرێکی داهێنەرانەیە، کە بە زمانێکی ڕوون و سادە ،ئەندێشەیەکی بەهێز ، و ناوەڕۆکێکی پەروەردەی تایبەت دارێژراوە (قەرەداغی ،2012 : 30).

ئەدەبی منداڵان بەگشتی و چیرۆکی منداڵ بە تایبەتی ، هونەرێکی نوێیە لە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەب ، ئەم ژانرە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا دەرکەوتووە و بەخێرای پەرەی سەندووە لەبەر گرنگییەکەی بۆ دروستکردنی کەسایەتی منداڵ .چیرۆک بۆ منداڵان پردێکە بۆ گواستنەوەی بەها ،ئایدیا، و ئەزموونەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (النجار ، 2016 : 75).

چیرۆکی منداڵ، وەک یەکێک لە بەهێزترین ڕەگەزەکانی ئەدەب بەتایبەت ئەدەبی منداڵ دادەنرێت کاریگەری لەسەر خودی منداڵ دروست دەکات بەرامبەر بە هەست و هەڵچوونەکانی لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر ڕەفتار و مامەڵەکردنی دروست دەکات ،ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو چیرۆکی منداڵان تەنها کاریگەری لەسەر لایەنی ڕۆشنبری منداڵ نییە ، بەڵکو سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە (ابومعال ، 2005: 33).

چیرۆکی منداڵان هۆکارە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەی و زانستی بوروژێنێت و پاڵنەرێک بێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکان ، هەروەها لەگەڵ سرود و شانۆی منداڵان بەیەکێک لە ئامرازە بنەڕەتیە ڕۆشنبیرییەکانی منداڵ دادەنرێت ، بۆ پێشکەوتنی منداڵ لە باخچەدا ، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی پەروەردەی گرنگی پێبدرێت و بۆ سەرجەم وانە و بوارەکان پەرەی پێبدرێت (العنزي ,2020 : 69) .

چیرۆک بەیەکەم وێستگە لە ئەدەبی منداڵ دادەنرێت ، ئەدەبی منداڵ جۆرێکە لە هونەری ئەدەبی خۆی لە چەندین شێوەدا دەبینێتەوە ، وەک (پەخشان و هۆنراوە) کە دانراوەن تایبەت بە منداڵان ،ئەدەبی منداڵان وەک ئۆرگانێکی زیندوی ئەدەبی هاوچەرخی کورد دادەنرێت ، نیشانەیەکی دیاری ئاستی پێشڕەوتنی فەرهەنگی کوردستانە ، گەرچی کۆمەڵێک شیعر و چیرۆک و مەتەڵ و بەرهەمی جۆراو جۆر لە فۆلکلۆر و کەلەپوری کوردا تایبەت بە منداڵان هەبووە ، بەڵام ئەدەبی نوسراوی منداڵانی کورد لە کوردستان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا دەستپێکردووە ، لەبەر ئەوە واپێویست دەکات ئەدەبی منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی دروست و لۆجیکانە بەشەکانی دیاربکرێن و ڕیزبەندییەکی زانستییانە بکرێت کە بتوانرێت شوێنی ئەدەبی منداڵان لە پڕۆسەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دیاری بکرێت و ئاماژە بە قۆناغە سەرەکییەکانی بدرێت (ئەحمەد ،2005 : 59). بە قۆناغی منداڵی باشترین شێوازی ڕێگای وانەوتنەوە گێڕانەوەی چیرۆکە ، واتە باسکردنی بابەتەکە لە ڕێگەی گێڕانەوە و چیرۆکی جۆراوجۆر ، لەبەر ئەوە چیرۆک لەگەڵ هەزو ئارەزوی جیهانی منداڵدا دەگونجێت ، منداڵ بەو پەڕی دڵخۆشی و بەئاگاییەوە گوێ لە مامۆستاکەی دەگرێت (قەرەچەتانی , 2014 :128).

٢-١-٢ :ئامانجی پەروەردەی چیرۆکی منداڵان

سەرجەم چیرۆکەکانی تایبەت بە منداڵان چەندین ئامانجی پەروەردەی بەدیدەهێنن، کە بریتین لە :

١-خۆشەویستکردنی خوێندنەوە لای منداڵان ، بەشێوەیەک منداڵ بەرەو خوێندنەوە ڕادەکێشێت ، کاتێک منداڵ بەرەو ئەو ئامانجە دەڕوات (خوێندنەوە) یارمەتیدەرێکە بۆ گەشەکردنی ئارەزووە هونەری و ئەدەبییەکانی ، لەگەڵ ئەوەشدا ئارامی دەخاتە دەروونی منداڵان و بیرو هزریان چوست و چالاک دەکات (شاوی، منماني، 2012 : 33).

٢-یارمەتیدانی منداڵ بۆ ئەوەی لە چەندەها ڕەفتاری مرۆڤ تێبگات و دواتر

توانای ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیانی هەبێت.

٣-پێدانی بیروبۆچوون و زانیاری و شارەزای جۆراو جۆر بە منداڵ (قەرەچەتانی ، 2014 :91).

٤-هانی منداڵ دەدات بۆ گوێگرتن و ئارەزووی جوڵەو چالاکی بۆ دروست دەکات ، بەمەش دووری دەخاتەوە لە کەسێتییەکی چەقبەستوو .

٥- هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشە لەبونیادنای کەسێتی منداڵ لەڕووی داهێنان و بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفتەکان و ڕێکخستنی زمانەوانی .

٦- هەستی چێژبینین لای منداڵ زیاتر دەکات ، لەڕێگای سەرنجدان و وردبوونەوە لە ژینگەی دەوروبەری بە گەشبینانەوە بر جوانی وێنای دەکات (عبدالسميع , 2016 : 152.

٧- هۆکارە بۆ گەشەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە ، ئارەزوویان بۆ داهێنانی هونەری دروست دەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی جواناسی لای منداڵ گەشە پێدەدات .

٨-چیرۆکی منداڵان ئەگەر بەشێوەی نووسراو بێت یان تۆمارکراو بێت ، هۆکارە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری منداڵ و گەشەکردنی کەسایەتی (بوقادي ، سلوم ، 2018 : 38).

٩- هەروەها لەڕووی زمانەوانیەوە یارمەتیدەرە بۆ منداڵ لە ڕووی :

١-هونەری دەبڕین و پەیوەندی لای منداڵ زیاد دەکات .

٢-یارمەتیدەر بۆ تێگەیشتنی وشە ڕووتەکان بە بەکارهێنانی دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە.

٣-خەیاڵی منداڵ دەوروژێنێت .

٤-توانای زاڵبوونی بۆ دروست دەکات لە وتنی گوفتاری نوێ و ڕاستەڕەوی دەربڕینەکانی .

٥-کردارە عەقڵییەکانی وەکو زیرەکی و لێهاتووی عەقڵ ، کە مەبەست لێی(زمان و درککردن)ە گەشە پێدەدات ، هەروەها لێهاتوویی بەدەستهاتووەکان زیاتر گەشە دەکەن وەک (چێژبینین ،داهێنان) .

١٠- منداڵ لەسەر هونەری ژیانکردن ڕادێنێت (عبداللة ، 2016 : 237).

٢-١-٦ :ڕۆڵی چیرۆکی منداڵان لەسەرگەشەی زمان:-

چیرۆکی منداڵان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێت لە گەشەی زمانی منداڵان. لە ڕێگەی چیرۆکەوە منداڵان وشە نوێ فێر دەبن، ڕستە دروست دەکەن، خەیاڵ و بیرکردنەوەیان پەرە پێدەدەن و بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان خۆیان و

دەوروبەریان باشتر دەکەن ، توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان خوێندنەوەی چیرۆک و گەشەی زمانی منداڵان. بۆ نموونە لە توێژینەوەیەکی بەرفراوان کە لەلایەن نەرگز حەسەن (2017) ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە، کە ئەو منداڵانەی رۆژانە لانی کەم ٣٠ خولەک چیرۆکیان بۆ دەخوێندرێتەوە، توانای زمانییان بە رێژەی ٦٠٪ باشترە لە چاو ئەو منداڵانەی کەمتر لەگەڵ چیرۆک مامەڵە دەکەن (حەسەن، 2017: 32).

چیرۆک پردێکە لە نێوان بیرکردنەوە و زمان و منداڵان لە رێگەی چیرۆکەوە هەوڵ دەدەن بیروبۆچوونی خۆیان بە وشە و رستەی دروست دەربڕن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی زمان بە شێوەیەکی خێرا و دروست (عەلی، 2019: 76). نەوزاد عومەر (2021) لە کتێبەکەیدا "بنەماکانی پەروەردەی زمانی" ئاماژە بەوە دەکات، کە چیرۆک خاوەن سێ تایبەتمەندی سەرەکییە کە دەبێتە هۆی گەشەی زمان ،خەیاڵ، جوانکاری و پێکهاتەی رستەیی دروست (عومەر، 2021: 112).

توێژینەوەکانی زانکۆی هارڤارد (2018) ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو منداڵانەی پێش چوونە قوتابخانە ئاشنایی زۆریان هەیە لەگەڵ چیرۆک و توانای خوێندن و نووسینیان بە رێژەی 55٪ باشترە لە چاو منداڵانی تر (لەتیف، 2020: 94). هەروەها هۆشیار رەحمان (2022) لە توێژینەوەیەکی بەرفراوان کە لەسەر 1000 منداڵی کوردی ئەنجامی داوە، دەری خستووە، کە چیرۆک کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر 7 لایەنی زمانی منداڵ: (وشە، رستە، دەربڕین، تێگەیشتن، گێڕانەوە، نووسین، و خوێندنەوە) (رەحمان، 2022: 52).

٢-٢ :گەشەی زمان:

گەشەی زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ، کە جیای دەکاتەوە لە ئاژەڵەکانی تر. ئەم توانایە بۆ بەکارهێنانی سیستەمێکی ئاڵۆز لە هێماکان بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان بەشێوەیەکی کاریگەر، نیشاندەری پەرەسەندنی مرۆڤە بەدرێژایی مێژوو. گەشەی زمانەوانی، کە ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەیە، کە مرۆڤ تێیدا توانای زمانەوانی بەدەست دەهێنێت، ئەمەش بووەتە بابەتێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی دەروونناسی، زمانەوانی، مێشکناسیدا . زمان رۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، هەر لە بەیەکەوە بەستنەوەی گروپەکانی مرۆڤەوە بۆ پێشخستنی کولتوور و شارستانیەت. بێ زمان، مرۆڤەکان نەیاندەتوانی زانیاری و ئەزموونەکانیان بگوازنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، کە رێگر دەبوو لە بەردەوامی و پێشکەوتنی زانست و هونەر.لێکۆڵینەوە لە گەشەی زمانەوانی دەرفەتێکی نایاب دەدات بە زاناکان بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی مێشکی مرۆڤ. کاتێک منداڵێک فێری زمان دەبێت، ئێمە دەتوانین ببینین چۆن مێشک دەتوانێت نەخشەی ژینگەی دەوروبەر بکێشێت، پەیوەندی دروست بکات، و سیستەمی ئاڵوزی رێزمانی فێر ببێت (کوردی ،2018: 34).

هەروەها گەشەی زمان رۆڵی سەرەکی هەیە لە پەرەسەندنی فکری مرۆڤدا. زمان ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان. بە پێی قێگۆتسکی زانای ناوداری دەروونناسی، زمان و بیرکردنەوە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، پەرەسەندنی زمانەوانی یارمەتیدەری پەرەسەندنی هزری و فکرییە. ئەم بابەتە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە کوردستان لەبەر فرەزمانی و فرەدیالێکتی ناوچەکە. منداڵانی کورد زۆر جار لە ژینگەیەکدا گەورە دەبن، کە تێیدا چەندین زمان یان دیالێکت بەکاردەهێنرێن، کە پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەی زمانەوانی(عەزیز، 2016 : 78-80). لەم دواییانەدا، تەکنەلۆجیای نوێ و میدیای کۆمەڵایەتی کاریگەری قوواڵیان هەبووە لەسەر زمان و چۆنیەتی فێربوونی. ئینتەرنێت و ئامرازە دیجیتاڵییەکان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییان لە شێوازی پەیوەندیکردن و فێربوونی زماندا دروست کردووە. ئەمەش پرسیاری نوێی هێناوەتە ئاراوە سەبارەت بە چۆنیەتی کاریگەری ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر گەشەی زمانەوانی نەوەکانی داهاتوو.

گەشەی زمان:- بریتییە لە توانای دەربڕینی وشە لەلای منداڵ لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندا، کە لەلای زۆرینەی منداڵ لە دەوروبەری (10) مانگ بۆ (12) مانگێدایە (سلام، 192 : 1980).

گەشەی زمان:- بریتییە لە توانای منداڵ بۆ قسەکردن و دەربڕینی وشە و ڕستە، کە منداڵ لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و لە ڕێگەی لاسایکردنەوەی گەورەکانەوە فێردەبێت (العضماوی ، 1988: 201).

توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوەی (ابورخية، 2013) بەناونیشانی (کاریگەری چیرۆکی منداڵان لە گەشەپێدانی هەندێک لێهاتووی گوزارشتی زارەکی داهێنەرانە لای منداڵانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی) فەلەستین .

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە زانینی کاریگەری چیەۆکی منداڵان لەگەشەپێدانی هەندێک لێهاتووی گوزارشتی زارەکی داهێنەرانە لای منداڵانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی ، توێژەر میتودی ئەزموونی بەکارهێناوە ،کە لەگەڵ توێژینەوەکیدا گونجاوە لەدیاریکردنی کاریگەریی چیرۆک لە دەستکەوت .

توێژەر (٦٤) قوتابی لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دیاریکرد ،دابەشیکرد بوو بەسەر دوو گروپدا ، گروپی ئەزموونی لە (٣٢) قوتابی پێکهاتبوون و گروپی کۆنترۆڵکراو لە (٣٢)قوتابی پێکهاتبوون ، توێژەر چیرۆکی منداڵانی دابەشکرد بەسەر گروپی ئەزموونیدا بۆ ماوەی دوومانگ، تا لەلایەن قوتابییەکانەوە لەماڵەوە بیخوێنەوە، پاشان توێژەر کارتی تێبینی بەکارهێنا ، بۆ تاقیکردنەوەی زارەکی لە لێهاتوویەکانی گوزارشتی زارەکی داهێنەرانە کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوو، لەکۆتایدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە :

- ئاستی ئاماری بەڵگەداری نییە لەنێوان گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو لەبەکارهێنانی پێشەکی کارتی تێبینی بۆ لێهاتوی گوزارشتی زارەکی داهێنەرانە .
- بونی ئاستی ئاماری بەڵگەداری لەنێوان ناوەندی ژمێرەی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو لە بەکارهێنانی پاشەکی کارتی تێبینی لە پێشکەشکردنی چیرۆکی منداڵان

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12598]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

لەلێهاتوویەکانی گوزارشتی زارەکی داهێنەرانە کە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونییە.

- بونی ئاستی ئاماری بەڵگەداری لەنێوان گروپی ئەزموونی وگروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی خوێندنی پاشەکی لەدانای چیرۆکی منداڵان لە لێهاتوویەکانی گوزارشتی زارەکی داهێنەرانە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیە .
- ئاستی ئاماری بەڵگەداری نییە لە دەستکەوتی خوێندن بۆ زمانی عەرەبی لای منداڵانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی و ئاستی گونجاندنی لێهاتوویەکانی گوزارشتی زارەکی داهێنەرانە .

توێژینەوەی (ماجدة و اخرون ، 2018): بەناونیشانی (کاریگەری چیرۆک لەسەر زمان پاراوی لای منداڵانی باخچە ، توێژینەوەیەکی پراکتیکیە لە باخچەی منداڵانی -جیجیل) جەزائر. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە :

- زانینی ڕۆڵی باخچە لە گەشەپێدانی زمان پاراوی لای منداڵانی باخچە بەهۆی چیرۆکەوە.
- زانینی ئەو چالاکیانەی پێشکەشی منداڵانی باخچە کراوە لەنێوانیاندا چیرۆک کە گەشە بە زمان پاراوی دەدات .
- هەوڵدانی باخچەی منداڵان لە تێبینیکردنی گەشەپێدانی زمان پاراوی لای منداڵان .
- زانینی پڕۆگرامی پێشکەشکراو لەناو باخچە لەنێوانیدا چیرۆک و ئاستی کاریگەری.
- زانینی ڕۆڵی پەروەردەکار و شێوازی خوێندنەوەی چیرۆک و ئاستی کاریگەری لەسەر منداڵ
- گەیشتن بە تاقیکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکەی نزیککردنەوەی لە ڕاستی.

بۆگەیشتن بەو ئامانجانەی سەرەوە توێژەر میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنابو، چونکە ئەو میتۆدەی بە گونجاو زانییوە و لەگەڵ توێژینەوەکەیدا گونجاوە، بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکەی توێژەر (٤٠) پەروەردەکاری وەرگرتووە بەپێی تایبەتمەندی (تەمەن ،بارودۆخی کۆمەڵایەتی ، شارەزای پیشەی) .

توێژەر لەکۆتای توێژینەوەکەید گەیشتە ئەو دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

- پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان چیرۆکی منداڵان و زمان پاراوی لای منداڵانی باخچەی منداڵان .
- پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵان و حەزی گوێگرتن بۆی .
- پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان جۆرەکانی چیرۆکی پێشکەشکراو بۆ منداڵان و بەرزی ئاستی زمان پاراوی .

٢-٢-٢سود بینین لەتوێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لەچەند ڕوویەکەوە توانیویەتی سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت وەک:-

١-هەستکردن بەهەبوونی کێشەی توێژینەوەکە و ڕادەی گرنگیەکەی بەمەبەستی کردنی بەتوێژینەوەیەکی زانستی

٢- توێژینەوەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لەبابەتەکاندا سودی زۆریان لێوەرگیراوە بەتایبەتی لەچوارچێوەی تیۆریدا.

٣-بۆ زیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکە و شوێن پێ هەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سودیان لێبینراوە.

٤-سودی لەزانیاریيە ڕێککاریيەکانی توێژینەوەکانی پێشوو ، چۆنیەتی ڕاقەکردنی داتا و زانیاریيەکان و هاوکێشەکانی ئاماریيەکانی بینیوە.

بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

٣-١:میتۆدی توێژینەوەکە : بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە، چونکە لەم جۆرە میتۆدە دا، لێکۆڵینەوە دەربارەی دیاردە جیاوازەکان دەکرێت، پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە لە باڵوترین جۆرەکانی میتۆدی توێژینەوەیە، کە بەکاردەهێنرێت بەئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنووکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو .

٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی 2024- 2025 ، کە بەردەوامن لە کارکردن و ژمارەیان (1319)مامۆستایە ، (133) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (1186) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، وەك لەخشتەی (1) دا خراوەتەڕوو، توێژەر ئاماری مامۆستایانی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی وەرگرتووە ، هەروەك لە پاشکۆی(1) ڕوونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە (1): کۆمەڵگەی توێژینەوە

بەڕێوەبەرایەتی	ژمارەی مامۆستا						کۆی گشتی
	باخچەی حکومی	ڕەگەز		باخچەی ناحکومی	ڕەگەز		
		نێر	مێ		نێر	مێ	
پەروەردەی ڕۆژئاوا	672	90	582	247	18	229	1319
پەروەردەی ڕۆژهەلات	336	23	313	64	2	62	
کۆی گشتی	1008	113	895	311	20	291	

٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە: توێژەر لە دوای گەڕان و بەدواداچوونی بە توێژینەوەکانی پێشوودا و کتێبەکانی میتودی زانستی و ڕاوێژکردن بە پسپۆر و شارەزایان توانی ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەی دیاری بکات، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە (149) مامۆستا لە باخچە حکومی و ناحکومییەکان لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پاریزگای سلێمانی بۆ پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لە باخچە حکومی و ناحکومییەکان لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پاریزگای سلێمانی.

خشتەی ژمارە (2): نموونەی توێژینەوە

جۆری باخچە	ژمارەی مامۆستا			کۆی گشتی
	باخچەی حکومی و ناحکومی	ڕەگەز		
		نێر	مێ	
باخچەی حکومی	72	37	112	149
باخچەی ناحکومی	77			

٣-٤ :فۆرمی ڕاوەرگرتن بۆ پێوانەی چیرۆکی منداڵان : لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی (چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان) توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی کوردی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا چووەوە، کە پەیوەندیان بە گۆڕاوی (چیرۆکی منداڵان)ەوە هەیە، دواتر سوودی لە پێوانەی (ماجدة و اخرون ، 2018) و (الرشدی:2017)و(منصور:2011)(سعید:2012) وەرگرت لە کۆی سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی (33) بڕگە دابڕێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا.

٣-٥ڕاستگۆی ڕواڵەت : بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست(9)شارەزا و پسپۆری (ڕێگاکانی وانەوتنەوە وەرونزانی پەروەردەیی)، هەروەك لەپاشکۆی (1)ڕوونکراوەتەوە،داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن ،دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەویان یاخود لابردنیان) 90%)بوو،بەم شێوەیەلە کۆی(33)بڕگە سەرجەمیان مانەوە سەرباری بوونی هەندێک تێبینی و چاککردنیان لەلایەن توێژەرەوە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگرتنی چیرۆکی منداڵان (98%) بوو .

٣-٦جێگیری: یەکەم: ڕێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە : لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە، دوو جار بەسەر هەمان سامپڵدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەماوەی زەمەنیان لە(15)ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات، جێگیری پێوانەکە بەشێوازی (Test-retest) ، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (2024/12/9)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12598]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

پێوانەکە بەسەر (30) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، پێك هاتبوون لەڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (15) ڕۆژ لەڕێکەوتی (2024/12/24) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە(0.91)ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگیری پێوانەکە بەرزە. هەروەك لە خشتەی(3)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (3): هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی چیرۆکی منداڵان

دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ: توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(30) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دەرکەوت ،ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیە لە(0.94) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

٣-٧:جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی

دوای دڵنیابوونی توێژەر لە راستی و جێگیری ئامرازەکەی هەستا بە دابەشکردنی ڕاپرسەکە بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی، کە پێک هاتبوو لە (149)مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ لە باخچەکانی سەر بە هەدوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی بۆ پێوەری چیرۆکی منداڵان ، لەبەرواری (2025/4/8)بەشێوەی دەستی و ئەلکترونی،کە پێك هات لە(33) بڕگە بۆ پێوەری (چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە، وەک لەپاشکۆ(2) ڕوونکراوەتەوە، دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوای لە مامۆستایان کرد بە وردی و ڕوونی وەڵامی گشت بڕگەکان بدەنەوە ، دواتر سەرجەم فۆرمی ڕاپرسیەکانی کۆکردەوە ، ئەنجامدانەکە لەبەرواری (2025/4/15)کۆتایی پێهات.

٣-٨:ئامرازە ئاماریەکان:

1. سود لە پڕۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(25) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:
2. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل الارتباط پیرسون-Person Correlation Coefficient) بۆئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.
3. ئەلفا-کرۆنباخ (Cronbachs Alpha) بۆ دۆزینەوەی جیگیری پێوەرەکە.
4. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test) تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(.One Sample T-Test)
5. بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(.One way ANOVA) تاقیکردنەوەی (t) بۆیەك نموونە (.One Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X - +M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

تاقیکردنەوەی (t) تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست Independent Sample T-Test))

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

هاوکێشەی ئەنۆڤا(.One way ANOVA)

هاوکۆلکەی جێگیری	لادانی پێوەری	ناوەندی ژمێرەیی	جێبەجێکردن
0.91	6.63008	127.2000	یەکەم
	6.24816	124.2500	دووەم

$$SS = \sum (X - X^-)^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}] * [\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}]}}$$

ئەلفا-کرۆنباخ Cranach's Alpha))

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1 S_i^2}{S_t^2}\right)$$

بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە نرخی (t) هەژمارەکراو (25.81) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی، کە (1.65) بوو و بەناوەندی گرینمانەیی (99) بە نمرەی ئازادی (148) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، هەروەک لە خشتەی (4) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لە ئاستێکی بەرزدایە

خشتەی ژمارە (4) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچە

نموونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازاد	ناوەندی گریمانەیی	بەهای تائی		ئاستی بەڵگەداری 0.05
					هەژمارکراو	خشتەیی	
149	119.8121	9.36668	148	99	25.81	1.65	بەڵگەدارە

وەک لە خشتەی ژمارە (4) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (25.81)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (1.65) و نمرەی ئازاد یەکسانە (148) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەر ئەوەی، کە بەهای(t) هەژمارکراو (25.81) گەورەترە لە بەهای (1.65) خشتەیی ، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئاستی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە ، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکانی سامپڵی توێژینەوە خاوەندارێتی ئاراستەیەکی پوزەتیڤ دەکەن بەرامبەر چەمکی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە، واتە چیرۆک رۆڵی هەیە لەپەرەپێدان و باشترکردنی زمانی منداڵان ، بۆیە پێویستە بەردەوام گرنگی بدرێت بەخوێندنەوەی چیرۆک لەباخچەکاندا، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (ابوریخة:2013)(الرشدی: 2017)(هێرۆ:2023).

ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (0.522) بەنمرەی ئازاد (147)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(5) خراوەتەڕوو.

خشتەی(5): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)

ڕەگەز	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	بەهای تائی		ئاستی بەڵگەداری 0.05
					هەژمارکراو	خشتەیی	
نێر	37	119.0811	10.03433	147	0.522	1.97	بەڵگەدار نیە
مێ	112	120.0536	9.16991				

وەک لەخشتەی ژمارە (5) دا دەردەکەوێت ، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (0.522) و بەهای خشتەیی یەکسانە(71.9) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(147) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاوتایی بیرکردنەوە و تێروانینی هەردوو ڕەگەز نێر و مێ لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان ، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نیە لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (سلیمان واخرون ، عبداللة :2016)(هێرۆ:2023).

ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی باخچەی حکومی و ناحکومی لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12598]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی هەژمارکراو (0.884) بەنمرەی ئازادی (147)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(6) خراوەتەڕوو.

خشتەی(6)ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نمونە) بۆ نمرەکانی باخچەی منداڵانبەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)

جۆری باخچە	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازاد	بەهای تائی		ئاستی بەڵگەداری 0.05
					هەژمارکراو	خشتەیی	
حکومی	72	120.5139	9.32812	147	0.884	1.97	بەڵگەدار نیە
ناحکومی	77	119.1558	9.41592				

وەک لەخشتەی ژمارە (6) دا دەردەکەوێت ، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (0.884)و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(147)، و بەهای بەڵگەداری ((0.884 و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی حکومی و ناحکومی لای مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)، تۆژەر هۆکاری نەبوونی ئەو جیاوازییە دەگێڕیتەوە بۆ نزیکی ئاستی بیرکردنەوەی مامۆستایان و تێڕوانینیان بۆ پێوەری چیرۆکی منداڵان، واتە مامۆستای حکومی و ناحکومی وەکو یەک بیردەکەنەوە لەسەر کاریگەری بوونی چیرۆک لەسەر گەشەی زمان. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی (کردی:2020).

ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی بەپێی گۆڕاوی بروانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر).

بۆ زانینی جیاوازی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەی بروانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر) لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان ، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحلیل التباین الاحادی) (one way) بەکارهێنا. بەپست بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، کە ئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (7) خراوەتەڕوو.

خشتەی(7)
ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی بروانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر).

سەرچاوەی جیاوازی	کۆی ناوەندی ژمێرەیی	نمرەی ئازاد	دووجای ناوەندی ژمێرەیی	بەهای فائی F	بەهای بەڵگەداری	ئاستی بەڵگەداری 0.05
لە نێوان کۆمەڵەکاندا	6.722	2	3.361	0.038	0.963	بەڵگەدار نییە
لە ناو گروپەکاندا	12978.017	146	88.891			
کۆی گشتی	12984.738	148				

وەک لە خشتەی ژمارە (7) دا دەردەکەوێت ، بەهای (f)(0.038) و بەهای بەڵگەداری (0.963)، بەنمرەی ئازاد (146) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.963)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بروانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر) لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی بروانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر). کەواتە بروانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر) تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبووە لەسەر پێوەری چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە.

دەرئەنجام:

١- ئاستی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان منداڵانی باخچە لەدیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەشێوەیەکی گشتی بەرزە.
٢- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی رەگەزی (نێر-مێ).
٣- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە(حکومی-ناحکومی).
٤- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی بروانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر).

ڕاسپاردەکان :

١-بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری منداڵانی باخچەی منداڵان لەسەر لایەنی گەشەی زمانەوانی منداڵ لە لایەنی پەروەردەی و کۆمەڵایەتی و جەستەی .
٢-هاندانی مامۆستا و بەڕێوبەر و چینەکانی تری کۆمەڵگا بۆ بەرەودان بە لایەنی زمانەوانی
٣-فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لە بار و ئاسوودە بۆ منداڵان بۆ گەشەی لایەنی زمانەوانی
٤- هۆشیارکردنەوەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان و باوانی منداڵان سەبارەت بە گرنگی چیرۆک خوێندنەوە.
٥-وانەی چیرۆک لە باخچەکاندا بەکەرەستەو ئامرازی فێرکاری مۆدێرن لەلایەن مامۆستایانەوە بوترێتەوە.
٦-هۆشیارکردنەوەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان و دایک و باوکی منداڵان سەبارەت بە گرنگیدان بە گەشەی زمان .

پێشنیارەکان :

١-ئامادەکردنی پەرتوکی تایبەت بە منداڵانی باخچە بۆ ئەوەی ئاوێتەی ئارەزووەکانی مندڵان و توانا زمانەوانییەکانی ببن .
٢-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر گەشەی زمان لە قۆناغەکانی سەر و قۆناغی باخچەی منداڵان واتا (قۆناغی بنەڕەتی).
٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی زمانەوانی لە باخچەی منداڵان.
٤- ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە هاوشێوە بۆ زانینی پەیوەندی چیرۆک بە گەشەی زمانی منداڵەوە لە ڕوانگەی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵانەوە .
٥- ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەشارەکانی تری کوردستان جگە لە شاری سلێمانی

لیستی سەرچاوەکان

1) ئەحمەد ، ناهیدە (2005) : سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر .
2) حەسەن ، نەرگز (2017) : زمان و چیرۆک ، توێژینەوەیەک لەسەر گەشەی زمان ، چاپخانی ئاراس ،هەولێر .
3) ڕەحمان، هۆشیار (2022) : کاریگەری چیرۆک لەسەر لایەنەکانی زمان ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی .
4) عبداللة، خەلیل عەلی (2016) : بنەما هونەریەکانی شانۆی منداڵان لە زارۆخانە و خوێندنگاکان،چاپی یەکەم، چاپخانەی غەزەل نووس ، سلێمانی .
5) عومەر ،نەوزاد (2021) : بنەماکانی پەروەردەی زمان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12598]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

6) عەزیز ، محەمەد سە عید (2016) : کاریگەری ژینگە لەسەر فێربوونی زمان ،چاپی دووەم ،ناوەندی لێکۆلینەوەی زمان ، سلێمانی .
7) عەلی ، عبدالرحمان (2021) : پوختەیەک لە پەروەردەی تایبەت (خاوەن پێداویستی تایبەت) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران
8) عەزیز ، عبدالرحمان سەلام(2023) ، پەروەردەی منداڵ و گەشەی زمانەوانی ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،١٥(٢).
9) عەلی ،سۆران (2019) : پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و زمان لە چیرۆکی منداڵان ، چاپخانەی گەنج ، هەڵێر .
10) قەرەچەتانی ،کەریم شەریف (2014) : ڕێنیشاندەری مامۆستای باخچەی ساوایان (ڕێنمای و پڕۆگرام) ،چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی .
11) قەرەداغی ، ئازاد حەمە (2012) : مێژووی ئەدەبی. منداڵانی کورد ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
12) کوردی ، جەلال فەرید (2018) : زمان و مێشک ، چاپی یەکەم ، ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر .
13) لەتیف ، فەرید (2020) : تۆژینەوەکانی زانکۆی هارڤارد لەسەر گەشەی زمانی منداڵان ،وەرگێڕانی ئەژین عوسمان ، چاپخانەی ئەندێشە ، سلێمانی .
14) ابومعال ، عبدالفتاح (2005) : کتاب أدب الأطفال وأساليب تربيتهم وتعليمهم و تثقيفهم . مصر : دار الشروق للنشر والتوزيع .
15) شاوي، نورة و منماني، فاطمة . (2012) قصص الأطفال في الكتاب المدرسي كتاب السنة الرابعة ابتدائي منوذجا مذكر مقدمة شهادة الليسانس في الاداب العربي قسم اللغة الادب العربي ، معهد اللغات والأدب العربي. الجزائر.
16) عمایر و الناظور ، موسى محمد ، یاسیر سعید ،(٢٠١٤) : مقدمة في الظطرابات التواصل ، الطبعة الثالثة ، دار الفكر ، عمان ، الاردن .
17) العضماوى ، أبراهيم كاظم . (1988) : النمو اللغوي عند الطفل ، بغداد : دار الشؤون الثقافية العمامة.
18) النجار ، محمد رجب . (2016) : أدب الأطفال فلسفة وفنونة و وسائطه . القاهرة : دار الاكتاب الجامعي.
19) النوايسة و القطاونة ، اديب عبداللة محمد ، إيمان طه، (٢٠١٥) ، النمو اللغوي والمعرفي للطفل ،دار الاعصار العالمى و مكتبة الجتمع العربي ، عمان ، ألاردن.
20) بوقادي ، ليلي و سلوم ، شهرزاد . (2018) البنية السردية في قصص الأطفال سلسلة(جنة الأطفال) لجميلة زنير - عينة - رسالة ماجستير في ميدان اللغة و الأدب العربي ، قسم اللغة و الأدب العربي ،كلية الآداب اللغات ،جامعة العربي بن مهيدي ، أم البواقى . الجزائر .
21) عبدالسميع ، حنان كمال فتحي . (2016) : اثر أستخدام مدخلي الألعاب التعليمية والقصص في الكتاب الأطفال بعض مهارات الحس العددي بمرحلة رياض الاطفال - راسلة
22) العنزي ، رجاب كردي . (2020) : دور القصص في تنمية مهارات التفكير الابداعي لطفل الروضة من وجهة نظر المعلمات في ضوء بعض المتغيرات الديموجرافية - رسالة منشوره مجلة كلية التربية ،العدد 168 , ج 3 , جامعة الازهر .
23) الغامدي، نورة بنت احمد بن معيض (2011) - قصص الأطفال لدى يعقوب أسحاق ، عرض وتقديم- رسالة ماجستير منشور في اللغة العربية ، جامعة أم القرى.
24) سليمان واخرون ، عبداللة محمد ، (2016) : فاعلية برنامج تدريبى لتحسين الكفاءة الغوية الاطفال الروظة من (٥-٦) سنوات ، جامعة القاهرة، مجلة العلوم التربوية ، مج (٢٤) ، العدد (٤)
25) صالح ، شفق محمد ،(2019) ، المهارات الحياتية لدى طفل الروضة ، مجلة كلية التربية الأساسية ، وقائع المؤتمر العلمي التاسع عشر ، الجامعة المستنصرية.
26) عبدلرحمان ، انور حسين و عدنان حقى شهاب(2007): لانماطا لمنهجية و تطبيقاتها فى العلوم لانسانيه و التطبقية، شركه الوفاق، ط١ ، بغداد.
27) العنزي ، رجاب كردي . (2020) : دور القصص في تنمية مهارات التفكير الابداعي لطفل الروضة من وجهة نظر المعلمات في ضوء بعض المتغيرات الديموجرافية - رسالة منشوره مجلة كلية التربية ،العدد 168 , ج 3 , جامعة الازهر .
28) کەریم ، حەسەن مەحمود(2021) ، میتۆدەکانی فێرکردن لە باخچەی ساوایان ، گۆڤاری پەروەردە ،ژمارە ٨(٢).
29) هێرۆ ، حسین عبداللة (2023) ، کاریگەری چیرۆک لە گەشەپێدانی بەها ئاکارییەکان لای مبداڵانی باخچە ، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی.
30) ماجدة و اخرون ، (2018) ، کاریگەری چیرۆک لەسەر زمان پاراوی لای منداڵانی باخچە ، توێژینەوەیەکی پراکتیکیە لە باخچەی منداڵانی -جیجیل)، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، جەزائر.
31) سعید ، محمد حسێن ، (2018) ، کاریگەری بەکارهێنانی چالاکی چینایەتی لەسەر گەشەکردنی هەندێک شارەزای زمان لە منداڵانی باخچەی منداڵان) ، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێجی پەروەردە زانکۆی بنی سویف، مصر.
32) منصور، ئینساف کامل،(2011) ، ئاسەواری هەڵگەڕانەوەی مێشک لە گەشەپێدانی زمانەوانی منداڵانی باخچەی منداڵان ، توێژینەوەیەکی ماستەرە لە بەشی باخچەی منداڵان، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە ، کۆلێجی پەروەردە – زانکۆی بەغداد.
33) الرشدي ، (2017)، کاریگەری چیرۆکی منداڵان (ئاینی و کۆمەڵایەتی) لەگەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانی لای منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، لە ناوچەی (القصيم) - لەمەملەکەتی عەرەبی سعودی، سعودیە.
34) ابورخية،(2013) ،کاریگەری چیرۆکی منداڵان لە گەشەپێدانی هەندێک لێهاتووی گوزارشتی زارەکی

داهێنەرانە لای منداڵانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی)،
ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، فەلەستین .
35) العزاوي، رحيم يونس (2008) : مقدمة في المنهج البحث
العلمي ، دار دجلة – عمان.

دور قصص الأطفال في التنمية اللغوية لدى أطفال الرياض من وجهة نظر معلمات ومدرسي

يهدف البحث إلى الكشف عن دور قصص الأطفال في التنمية اللغوية لدى أطفال الرياض من وجهة نظر معلمات ومدرسي الرياض للعام الدراسي (2025). يتكون مجتمع البحث من جميع معلمات ومدرسي الرياض في محافظة السليمانية، والبالغ عددهم (1319) معلماً ومعلمة. وتكونت عينة البحث من (149) معلماً ومعلمة، من بينهم (37) من الذكور و(112) من الإناث، تم اختيارهم بالطريقة العشوائية البسيطة. استخدم الباحث المنهج الوصفي وفقاً لطبيعة البحث، وإلى جانب الاستفادة من الدراسات السابقة والمصادر الأخرى، أعد الباحث استمارة استبيان لمقياس التنمية اللغوية، والتي تكونت من (33) فقرة. وللتأكد من صدق وثبات الأداة، قام الباحث بعرضها على عدد من الخبراء والمختصين في طرائق التدريس والتربية وعلم النفس. وبعد ذلك تُم تطبيقها على عينة البحث الأساسية، وبدأ الباحث بتفريغ وتحليل إجابات المعلمين باستخدام برنامج الحزمة الإحصائية للعلوم الاجتماعية (SPSS) وعرض نتائج البحث مع عدد من الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات.

The Role of Children's Stories in Language Development Among Kindergarten Children from the Perspective of Kindergarten Teachers.

Absrtic

The study aims to reveal and understand the role of children's stories in language development among kindergarten children from the perspective of kindergarten teachers for the academic year (2025). The research population consists of all kindergarten teachers in Sulaimaniyah Governorate, numbering (1,319) teachers. The research sample consists of (149) teachers, including (37) male teachers and (112) female teachers, who were selected using a simple random method. The researcher used the descriptive method according to the nature of the research. In addition to benefiting from previous research and other sources, the researcher prepared a questionnaire form for the language development scale, which consisted of (33) items. To ensure the validity and reliability of the tool, the researcher presented it to a number of experts and specialists in teaching methods, education, and psychology. Subsequently, it was applied to the basic research sample, and the researcher began extracting and analyzing the teachers' answers using the SPSS software for social sciences, presenting the research results along with several conclusions, recommendations, and suggestions.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12598]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

پاشکۆی ژمارە (١)

لیستی ناوی شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەرەکان

ژ	ناوی پسپۆران	پسپۆڕی	پلەی زانستی	شوێنی کارکردن
١	د. صابر بکر مصطفی	دەروونزانی پەروەردەی	پڕۆفیسۆر	زانکۆی سلێمانی
٢	د. حسن فخرالدین خالد	دەروونزانی پەروەردەی	پڕۆفیسۆر	زانکۆی سلێمانی
٣	د. نزار شکور شاکر	ئەدەبی منداڵان	پڕۆفیسۆر	زانکۆی سلێمانی
٤	د . نازەنین عثمان محمد	دەروونزانی گشتی	پڕۆفیسۆری یاریدەدەر	زانکۆی سلێمانی
٥	د . کارزان محمد عارف	ڕێگاکانی وانەوتنەوە	پڕۆفیسۆری یاریدەدەر	زانکۆی سلێمانی
٦	د . ڕزگار حمەلاو خالد	ڕێگاکانی وانەوتنەوە	پڕۆفیسۆری یاریدەدەر	زانکۆی سلێمانی
٧	د . عبدالصمد احمد محمد	دەروونزانی پەروەردەی	پڕۆفیسۆری یاریدەدەر	زانکۆی سلێمانی
٨	د . گێلاس عبدالله ابراهیم	دەروونزانی پەروەردەی	مامۆستا	زانکۆی سلێمانی
٩	د . شنۆ دەروێش حەمە امین	ڕێگاکانی وانەوتنەوە	مامۆستا	زانکۆی سلێمانی

پاشکۆی ژمارە (٢)

زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان
خوێندنی باڵا

بابەت/ فۆرمی ڕاوەرگری کۆتایی

مامۆستای بەڕێز.....
پاش سڵاو و ڕێز...

توێژەر توێژینەوەیەك ئەنجامدەدات بەناونیشانی (ڕۆلی چیرۆکی منداڵان لەسەر گەشەی زمان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە) بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر پێوەرێکی وەك بەشێك لەپێویستیەکانی ئامرازی توێژینەوەکە ئامادەکردووە، کەلە (٣٣) بڕگە پێك هاتووە، بەرامبەر هەر بڕگەیەك (٥) بژاردە هەیە کەبریتین(هەمیشە-زۆرجار-هەندێکجار-کەمجار - بەدگمەن)، ئێوەی بەڕێزیش وەك مامۆستایەکی وانەکە و شارەزا لە بوارەکەدا، توێژەر دواکارە لە بەڕێزتان هاوکارییمان بکەن بەوەڵامدانەوەی بڕگەکان، بەهەڵبژاردنی یەکێک لەبژاردەکان بۆ هەر بڕگەیەک.

توێژەر
ناز ئەرکان عبدالله

( ) ڕەگەز: نێر ( ) مێ
( )بروانامە: دبلۆم ( ) بەکالۆریۆس( ) ماستەر

( ) جۆری باخچە : باخچەی حکومی ( ) باخچەی ناحکومی

ژ	برگە	هەمیشە	زۆرجار	هەندێکجار	کەمجار	بەدەگمەن
١	چیرۆوک کاریگەری هەیە بەکارهێنانی زمانی جەستە.					
٢	پێویستە چیرۆکەکان بە وێنەی گەورە نیشان بدرێن					
٣	گرنگە شوێنی گونجاو بۆ چیرۆک گێڕانەوە هەبێت					
٤	منداڵان حەز دەکەن بەشداری گێڕانەوەی چیرۆک بکەن					
٥	منداڵان دەتوانن چیرۆک دووبارە بگێڕنەوە					
٦	منداڵان پرسیار لەسەر چیرۆک دەکەن					
٧	منداڵان حەز بە نواندنی چیرۆک دەکەن					
٨	منداڵان چێژ لە گوێگرتن لە چیرۆک وەردەگرن					
٩	چیرۆک یارمەتی فێربوونی بابەتە نوێیەکان دەدات					
١٠	چیرۆک یارمەتی تێگەیشتن لە ژینگە دەدات					
١١	منداڵان لە ڕێگەی چیرۆکەوە ژمارە فێر دەبن					
١٢	چیرۆک یارمەتی ناسینی ڕەنگەکان دەدات					
١٣	منداڵ لەتوانای دا هەیە زمان بەکاربهێنیت بەشێوازێکی دروست لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا					
١٤	چیرۆک یارمەتی گەشەی خەیاڵی منداڵ دەدات					
١٥	چیرۆک هەستی هاوسۆزی لای منداڵ دروست دەکات					
١٦	منداڵان فێری هاوکاری دەبن لە ڕێگەی چیرۆکەوە					
١٧	چیرۆک متمانە بەخۆبوون لای منداڵ زیاد دەکات					
١٨	هۆکاریکە بۆ پرسیارکردن دەربارەی ئەو چیرۆکانەی بۆی دەخوێنرێتەوە					
١٩	لەڕێگەی چیرۆکەوە منداڵان فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبن					
٢٠	منداڵ دەتوانێت لەڕێگەی چیرۆکەوە ڕستەی جوراوجۆر دەربڕێت					
٢١	منداڵ دەتوانێت لەڕێگەی چیرۆکەوە ڕێچکەی پیتەکان بەباشی فێر بێت.					
٢٢	چیرۆک یارمەتی باشترکردنی یادەوەری دەدات					
٢٣	پێویستە مامۆستا شارەزایی لە چیرۆک گێڕانەوەدا هەبێت					
٢٤	چیرۆک یارمەتی فێربوونی وشەی نوێ دەدات					
٢٥	منداڵان لە ڕێگەی چیرۆکەوە فێری ڕستەی زیاتر دەبن					
٢٦	چیرۆک توانای گفتوگۆکردنی نێوان منداڵان باشتر دەکات					
٢٧	منداڵان لە ڕێگەی چیرۆکەوە دەربڕینی جوانتر فێر دەبن					
٢٨	هۆکارێکە بۆ زیادکردنی توانای خوێندنەوە لە منداڵاندا					
٢٩	منداڵ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، کەلەچیرۆکەکەدا گوێ لی بووە					
٣٠	منداڵ ئەو ووشانە بەکاردەهێنیت کەلەڕێگەی ئەو چیرۆکەوەوە وەری گرتووە					
٣١	منداڵانی باخچە حەزدەکەن وەکو کاراکتەری ناو چیرۆکەکان ڕەفتار بکەن					
٣٢	منداڵ لەڕێگەی چیرۆکەوە شارەزایی و زانیاری لەبارەی ژیانەوە فێر دەبێت					
٣٣	چیرۆک وا لەمنداڵ دەکات بەرامبەر باوانەکانیان باشتر قسە بکەن					

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12598]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]